## بۆ وەزارەتی پەروەردە
## بۆ دەزگاکانی چاپ و پەخش


فاتمە عومەر ڕێشاوی
هۆلەندا
Fatima1964_1@hotmail.com

ماوەی دو سێ سالێکە لە هۆلەندا لە هەولی گەڕان و پشکنینم بە ناو میتۆدە و بەرنامەی خوێندن بە هیوای ئەوەی بتوانم شتێکی بە کوردی لێ گەلالە بکەم بۆ دەولەمەندکردنی بەرنامەی خوێندن یان کتێبخانەکان لە کوردستاندا.

هەندێ کارم بە ئەنجام گەیاندوە و هەندێ کاری تریشم لە بەردەستدایە بە ئومێدی ئەوەی کەسێك یان دەزگایەك بتوانێ و بیانخاتە بەردەست منالانی کورد.

ئەو کارانەی بە ئەنجام گەیاندوە

1– وەگێڕانی چیرۆکێك بۆ منالان ( + 7 سالان ) بە ناوی جیهانێکی هەمەڕەنگ




**Kleuren Tovenaar**
**Arnold Lobel**
**Marjo Keizer**

2– 150 مەتەلی بیرکاری لە میتۆدەیەکی هۆلەندیەوە وەرگێڕاوە بە ناوی reken raadsel وەك هۆکارێکی یاریدەدەر لە وانەی بیرکاریدا لە پۆلی دووەم و سێهەمی قۆناغی سەرەتاییدا دەتوانرێ بەکاربهێنرێ. لەم میتۆدەیە دا منداڵ لە دوای گوێگرتن و بیرکردنەوە, وەلامی پرسیارێك دەداتەوە. *نموونەیەك:*

- دیار دەلێ من لە سالی1991 لەدایك بووم , ئەمڕۆ دەبم بە حەوت سال .

***مامۆستا دوای ئەوەی ئەمە بۆ قوتابیان دەخوێنێتەوە و ئەوانیش بە باشی گوێیان گرتوە ئنجا ئەم پرسیارەیان لێئەکات.*** * کەواتە ئەو کاتە کە دیار تەمەنی حەوت سالە, سالی چەندە ؟؟ ئەوانیش بە بیرکردنەوە, وەلام دەدەنەوە

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەش ئەم میتۆدەیە هەر لە ڕێگەی کۆپی کردنەوە دەتوانرێ بخرێتە بەرنامەی خوێندنەوە.